# چین؛ فریادڕەسی سیاسەتی شیعی؟

13-07-2020

**نووسەرەکان**

زریان ڕۆژهەڵاتی

**کورتە :** لە ناوجەرگەی سیاسەتی شیعی کە ئێران،عێراق و لوبنان دەگرێتەوە، خواستێکی بەهێزهەیە بۆئەوەی لە دەرگای چین بدەن. ئێران پرۆژەی ڕێککەوتنی 25ساڵەی خۆی لەگەڵ ئەو وڵاتە زیندووکردۆتەوە کە ساڵی 2016 لەکاتی سەردانەکەی شی جین پینگ بۆ تاران باسی لێکرابوو.

**بەرایی**

لە ناوجەرگەی سیاسەتی شیعی کە ئێران،عێراق و لوبنان دەگرێتەوە، خواستێکی بەهێزهەیە بۆئەوەی لە دەرگای چین بدەن. ئێران پرۆژەی رێککەوتنی 25ساڵەی خۆی لەگەڵ ئەو وڵاتە زیندووکردۆتەوە کە ساڵی 2016 لەکاتی سەردانەکەی شی جین پینگ بۆ تاران باسی لێکرابوو. عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، 8 رێککەوتنی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ چین کردووە کە تا ئێستاش لانیکەم ئایندەی بەشێکیان ناڕوونە. ماوەیەك بەر لە ئێستاش حەسەن نەسروڵلا سەرۆکی حیزبوڵلا، چینی وەك دەروویەك بۆ دەربازبوون لە قەیرانی ئابووری نیشاندابوو.

گوتەیەکی کۆنی بەناوبانگ هەیە لە جیهانی ئیسلامیدا کە دەڵێت:"بەدوای زانست بگەڕێ، تەنانەت ئەگەر لە چینیش بێت." و ئێستاش دەتوانین بڵێین، ئەمە لای سیاسەتی شیعی بۆ گوتەی" بەدوای هێز بڕۆ تەنانەت ئەگەر لە چینیش بێت." گۆڕاوە. دۆخی نالەباری ئابووری هەر سێ وڵاتە شیعەدارەکەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پرسە ئاڵۆزەکانی سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەیان وایانکردووە تا بە چاوی "فریادڕەس" تەماشای چین بکەن. ئەمەش لەگەڵ خواستە جیۆسیاسییەکانی چین دا یەکدەگرێتەوە کە بەرەبەرە بەرەو هەڵشکان دەڕوات.

بێگومان هاتنی چین تەنیا رەهەندی ئابووریی نابێت و دەتوانێت لێکەوتەی گرنگی سیاسیشی هەبێت. وەکوو دابینکردنی گەرەنتییەکی دەرەکی بۆ مانەوەی ئەو سیستەمە سیاسییانەی کە لەنێوخۆوە گرفتی زۆریان هەیە. هەروەها دەتوانێت کاریگەرییەکی خراپیش لەسەر پرسە ئەتنییەکانی ئەم ناوچەیە بە تایبەتی پرسی کورد دابنێت.

**چین و سیاسەتی شیعی**

"هیلالی شیعی" لەسەر رێگای کۆریدۆری ئابووریی[1] پرۆژەی یەك رێگا و یەك پشتوێنی چین دایە کە ساڵی 2013 راگەیەنراوە. گوتاری پەکین بۆ"گەشەپێدانی ئابووری لە جیاتی دیموکراسی" بەلای زۆرێك لە سیستەمە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و سیاسەتی شیعی وە سەرنجڕاکێشە. بێجگە لەوە، دۆخی سەختی ئابووریی ئێستایان وادەکات کە پارەی گەرمی چینی بۆ برەودانەوەی ئابوورییەکانی ئێران وعێراق و لوبنان جێگەی بایەخ بێت. چین لە چوارچێوەی پرۆژەی یەك رێگا و یەك پشتوێن دا رێککەوتنی لەگەڵ 18 وڵاتی عەرەبی مۆرکردووە و ناوەندێکیشی بۆ گواستنەوەی تەکنەلۆژی کردۆتەوە کە لە 8 وڵاتی عەرەبیدا لقی هەیە. رەنگە گەشەپێدانی پێوەندییە ئابوورییەکان کێشەیەکی ئەوتۆ نەبێت بەڵام، نیگەرانییەك  هەیە کە ئەو پێوەندییانە بەخێرایی رەهەندێکی سیاسی- ئەمنی وەربگرن. جوگرافیای شیعی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بە خێرایی ئاوڕی لە چین داوەتەوە. پرسە نیوخۆیی و دەرەکییەکانی ئەم جۆگرافیایەش وادەکات کە خێراتر رەهەندی ئەمنی و سیاسی وەربگرن.

باڵیۆزی چین لە دیدارێکیدا لەگەل مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراق رایگەیاندووە کە وڵاتەکەی ئامادەیە سەبارەت بە شەری دژی تیرۆر، هاوهەڵویستی لەکۆمەڵگەی نیودەوڵەتی و پاراستنی یەکپارچەیی خاکیش لەگەڵ بەغدا هاوکار بێت. عێراق یەکێك لەو 53 وڵاتەیە[2] کە لە بابەتی دەرەکردنی یاسای ئاسایشی نیشتمانی چین دا کە دەسەڵاتی هونگ کۆنگ سنووردارتر دەکات پاڵپشتی پەکین یان کردووە. چینیش لە کاتی گشتپرسییەکەی هەرێمی کوردستان لە2017 جەختی لە یەکپارچەیی خاکی عێراق کرد. بیجگە لەوە، لەوانەیە پێویستی سوپای عێراق بە چەکەمەنی نوێ بە تایبەتی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، بەزوویی رەهەندە ئەمنی و سەربازییەکانی پێوندیی عێراق و چین لە ئابووری زیاتر بکەن. ئێستا داوەتی سەرۆکی چین لەسەر مێزی مستەفا کازمی سەرۆکوەزیری عێراقە و پێدەچێ چینییەکان بیانەوێ دڵنیابن لەوەی کە ئایا کازمی بەهەمان رێی عەبدولمەهدیدا دەڕوات یان نا!

حەسەن نەسروڵلای سەرۆکی حیزبوڵلاش رووکردنە چینی وەك دەرچەیەکی رزگاربوون لە قاتوقڕی و گوشاری ئابووری ئەمریکا زانیوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا کەناڵی ئەلمەناری نزیك لە حزبوڵلا هەواڵی دەستپێکرنی سەرمایەگوزارییەکی 12 ملیار دۆلاری کۆمپانیاکانی چینی لە لوبنان راگەیاندووە. لاوازیی ئێران و زیادبوونی گوشارەکان لەسەر حزبوڵلا، لەگەڵ قەیرانی ئابووری لە لوبنان وایانکردووە تا ئەو رێکخراوە، وەك پاڵپشتیکارێکی گەشەپێدانی پێوەندی لە چین دەرکەوێت. دوای قسەکانی نەسروڵلا، باڵیۆزی چینیش لە بەیرووت راگەیاندووە کە وڵاتەکەی ئامادەی یارمەتیدانی لوبنانە.

ئێران لە دۆخێکی دژواری ئابووریدایە و بەرنامە ئەتۆمییەکەیشی خەریکە بە گەرمی دیتەوە رۆژەڤ. تاقیکردنەوەی تاران بۆ رێککەوتن لەگەل رۆژئاوا لە چوارچێوەی 5+1 کە رەهەندێکیشی گەرەنتیکردنی مانەوەی رژێمی سیاسی بوو، خەریکە بەرەو قۆناخیکی تازە دەڕوات. ئەنجوومەنی دادوەرانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم داوای لە ئێران کردووە کە بە پەلە رێگا بداتە لێکۆڵینەڤانەکانی ئەوان، هەتا لە دوو وێستگەی گومانلێکراوی ئەتۆمییدا پشکنین بکەن. بێجگە لەوەش، خواستێکی ئەورووپی و ئەمریکی بۆ درێژەپێدانی گەمارۆی چەکەمەنی لەسەر ئێران لە ئارادایە کە چەند مانگی داهاتوو تەواو دەبێت. هاوکات لەگەڵ بەردەوامی سیاسەتی گوشاری واشنتن، "هێرشەکان" بۆ سەر دامەزراوەکانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی تاران بەردەوامن. لە هەمانکاتدا ئەفسانەی پارێزراوبوونی ئێران لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست خەریکە بەتاڵ دەبێتەوە. رووداوەکانی چەند ساڵی رابردوودا دەریانخست کە خەرقێکی ئەمنی لە سیستەمی بەرگری ئێراندا هەیە. ساڵی رابردوو ئیسرائیل توانیبووی بەشێك لە بەڵگەکانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی تاران لەناوجەرگەی ئەو وڵاتەوە دەستبخات. پێشتر هیرشی ستاکسنێت بۆسەر پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی کرا و ئێستاش لەناوجەرگەی پارێزراوترین شوێنەکانی ئەو وڵاتەدا، چالاکیی لەدژی بەرنامەی ئەتۆمی ئەو وڵاتە دەکرێت. بێجگە لەوەش، رووداوی کوژرانی قاسم سولێمانی کەلێنێکی دیکەی ئەمنی گەورەی لە سیستەمی بەرگری ئێرانی دەرخستبوو. ئەمە بەدە رلەو هێرشانەی کە لە سووریا و عێراق لەسەر هێزە و لایەنگرەکانی ئێران دەکریت. بۆیە بەرپرسانی  تاران، خۆیان بە ناچار بۆ دۆزینەوەی هاوپەیمانێکی بەهێز دەبینن. رۆژنامەی جەوان نزیك لە سوپای پاسداران، رێککەوتنی چین-ئێرانی وەك رێککەوتنی شێر و ئەژدیها ناوبردووە بەڵام، مەحموود ئەحمەدی نەژاد سەرۆککۆماری پێشووی ئەو وڵاتە، ئەمەی بە پێشێلبوونی سەروەری ئێران زانیوە و وەك رێککەوتننامەی تورکمانچای دووەم ناوی بردووە کە تێیدا ئیران بەشیك لە سەروەری خۆی بە رووسەکان دابوو. بەپێی رەشنووسی ناڕەسمیی دەقی رێککەوتنی 25 ساڵەی تاران- پەکین کە بڵاوکراوەتەوە، ئێران بێجگە لە پێدانی وزەی هەرزان، رێگا بە هاتنی سەربازانی چینی بۆ بەندەرەکانی خۆیشی دەدات. ئەمە و لەبەرچاوگرتنی هەبوونی هێزی سوپایی چین لە جیبۆتی و ئەگەری گەشە کردنی رەهەندی سەربازیی حوزرووی چین لە بەندەری گواداری پاکستان، لەوانەیە کۆنترۆڵی سیاسی و سەربازی چین لە دوو خاڵی ستراتیژی گرنگی جیهان زیاد بکات؛

یەکەم رێڕەوی خەلیجی عومان بۆ کەنداو، دووەمیش تەنگەبەری بابولمەندەب کە خەلیجی عەدەن و دەریای سوور بەیەکەوە گرێدەدات!

**ئەنجام**

رەهەندەکانی گەشەپێدانی پێوەندی چین لەگەڵ ئێران وعێراق و لوبنان تەنها بە ئابووری وە سنووردار نامێنن. بە ئەگەری زۆر، بەخێرایی رەهەندی سیاسی و ئەمنی وەردەگرن ئەگەر بەربەستیان بۆ درووست نەبێت. زیادبوونی کاریگەری چین لە داڵانی وشکانی پاکستان-ئێران-عێراق- لوبنان و هەروەها زۆربوونی ئامادەیی لە رێڕەوی دەریایی خەلیجی عومان- کەنداو لە گەوڵ بابولمەندەب، بەدەر لە هێزداری ئابووری، خەونە جیۆپۆلیتکییەکانی چینیش زیاتردەکات. زیادبوونی کاریگەری چین، لەڕووی سیاسییەوە دەرگا بۆ پاشەکشەی دیموکراسی خۆشدەکات. لەوانەیە ئەمە عیراق هانبدات کە بەرەو مەرکەزییەتی زیاتر بڕوات و  ورە بە ئێرانیش بدات کە لەسەر سیاسەتەکانی خۆی بەردەوام بێت. ئەزموونی چین بۆ کۆنترۆڵکردنی دنیای مەجازی ئینتەرنێت بۆ زۆرێك لە سیستەمەکانی ئەم ناوچەیە سەرنجڕاکێشە و ئەمەش لەوانەیە دواجار سنوورەکانی ئازادی بەرتەسك بکاتەوە. خاڵێکی دیکە پێوەندی بە مافی کەمینە و گرووپە ئەتنییەکانەوە هەیە. چین بەشێوەیەکی سەرسەختانە دژی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ دەرکەوت. لەو دوورەوە، پاڵپشتی لە ئیسپانیا و عێراق کرد بۆ دژایەتیکردنی گشتپرسییەکانی سەربەخۆیی، هەڵبەت لە نموونەی باشووری سودان دا پشتیوانی لە سەربەخۆیی کردووە.

لەوانەیە "گلۆبالیزم بە تامی چینی" کە زۆرێك باسی دەکەن لە جیاتی دیموکراسی و مافی مرۆڤ، زیاتر بایەخ بە گەشەپێدانی ئابووری بدات. وادیارە ئەمەش خەریکە رووەدات. بۆیە هەبوونی پێوەندییەکی زیاتری کورد لەگەڵ پەکین بۆ کەمکردنەوەی زیانە گریمانەییەکانی هاتنی چین بۆ ئەم ناوچەیە بایەخدارە.

https://www.ecfr.eu/page/-/china_great_game_middle_east.pdf- [1]

/https://thediplomat.com/2020/07/which-countries-support-the-new-hong-kong-national-security-law- [2]